ناو: شەنگە دێڕەکان

نووسەر: شەنگە یاسین

بابەت: هزرین

چاپخانە:

ژمارەی سپاردن:

# پێشکەشە

بەوەی باوەڕی تەواوی بەگۆڕان و گۆڕانکارییە هەمیشەیی و ڕیشەییەکان هەیە. بەوانەی لەڕێگەی ڕانان و هەڵێنجان و داڕشتنەوەی دیدگە نوێیەکان، دەخوازن کۆمەک بەهێنانە ئاراوەی ژیانێکی شایستەتر بکەن.

# شەنگە دێڕەکان

شەنگە یاسین

# ڕۆشناییەك

هەموو جۆرە وتنێك، نووسینێك، بەرهەمی بەریەككەوتن و ئەزمونكردن و خوێندنەوەو خوێندنە، مرۆڤ بۆ ئەوەی قسەكارێكی باش بێت، دەبێ گوێگرێكی باش بێت، هەروەك چۆن بۆ ئەوەی نووسەرێكی سەركەوتوو بێن دەبێ خوێنەرو بنكۆلكارو خاوەن هۆشیاری و تێگەیشتنێكی باش بێت، بەبێ بەمانا بوون و هەبوونی وەها پاشخانێك، نەزاری ئاخاوتنی دەپژێ و نەبەرجەستەی زمانی نوسین دەكات.

خوێندنەوە، هاوڕێیەكی بێدەنگە بەلام ئەگەر پشت ئەستور بێت بەهۆشیاری هەمەلایەن و عەقلانی، ئەوا قەرەبالغترین و بەخشندە ترینە، خوێندنەوە جۆرە خۆراكێكە گیانی، ئەگەر خۆشبەختیشت نەكات، ڕێگەو دەرگەی خۆشبەختیت بۆ دەخاتە سەر گازەرای پشت، بێگومان ئەگەر لەهۆشمەندان و لەهۆشیارییەوە بێت.

ئەم بەرهەمە"شەنگە دێڕەكان" دەرچەی ئەم خوێندنەوەو ئەم تێگەیشتنەو زادەی ئەم ئەزموونەی قۆناغ بەقۆناغی منێكە وەك هەر تاكێك خاوەن دنیا بینی و چیرۆكی تایبەت بەخۆی، هیوادارم تەواوی تێكستە دێڕەكان كۆمەك بەخش و بەچێژو جێگەی ڕەزامەندی خوێنەر بن.

شەنگە یاسین

"

ژیانی هەر کەس بەچەندین قۆناغی جیاادا تێدەپەڕێ، هەر قۆناغەو بەگۆڕان و گەشەو پەرەسەندنی جیاادا دەڕوات، مرۆڤی زیندو، ئەو مرۆڤەی دەخوازێ نەخش و بەخششی هەبێ، ژیان جگە لەتاقیکاری پێشبڕکێیەکە عەقلانی، واتا جگە لەخۆ ئامادەکردن و هەوڵدان لەپێناو سەرکەوتندا، هیچ ڕێگەیەکی تری لەبەردەمدا ناهێڵێتەوە.

"

"

ژیان، سەرکێشییە، ئامانجە، هەولدانە، سەرکەوتنە، بردنەوەیە، سەرکەوتنت لەژیاندا چێژێکی زۆر تایبەت و خۆشیشت پێدەبەخشێت، لەهەمان کاتدا هێزو ئیرادەت بەهێز تر دەکات بەرامبەر بەویستەکانت. وەك "کافکا" دەلێت: ژیان جەنگە لەگەڵ خۆت، لەگەڵ بارودۆخت، لەگەڵ ئەو دەبەنگانەش کە ئەم بارودۆخەیان دروستکردووە.

"

❝

**ژیانی هەر تاکێك وەك پەیژە بەپلەکانی لەدایکبوون و منداڵی، هەرزەکاری و باڵغی، گەنجێتیی و کامڵی، پیری و پوکانەوەدا خۆکارانە تێدەپەڕێت، هەموو ئەم ماوانەش بەسەر سات و کات و مانگ و ساڵەکاندا دابەش دەبێت، بۆ ئەوەی ژیانت هاوسەنگ بێت، ئەزموون بکە، ژیان بکە، چونکە ئەوەی دواجار نەمر دەمێنێتەوە، خودی ژیان خۆیەتی و بەس.**

❝

❝

**مرۆڤ بۆ ئەوەی ژیانێکی ڕوەکی نەژییەت، مەحکومە بەوەی بیر بکاتەوە، چەندە کارلێکراوە، دەبێ ئەوەندەش کارتێکەر بێت، مرۆڤی زیندو لەیەکەم هەنگاوی دوای خودناسی خۆیەوە، دەکەوێتە بیرکردنەوەو شلۆڤەو ململانێی عەقلانی و چۆنایەتی قولەوە لەخویدا، بەئامانجی پاکبوونەوە لەبەندو باوە گشتنێنەرو سەپێندراوەکان و پۆشینی بەرگی فرەڕەهەندگەرایی.**

❝

❝

هەموو مرۆڤێك بەگۆڕانکارییە کاتییەکانی تەمەن و زەمەنیدا تێدەپەڕێت، هەر یەکێك لەقۆناغەکانی تەمەن و زەمەنیدا کاریگەری و لێکەوتەی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام لەکۆتایدا کۆتایی نیە، ئەوەی هەیە کۆشش و هەوڵدان و خۆبەدەستەوە نەدانی بەرزی و نزمیەکانە، باوەڕهێنانە بەبەرین و بەرینتر بوونەوەی جیاوازییەکان لەژیاندا.

❝

❝

یەکێك لەبیرکردنەوەکانی مرۆڤ ئەوەیە: خەڵکی ناگۆڕێن! پاساویشیان بۆ ئەمە ئەوەیە گوایە یەکە بونیادنەرە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ بابەتێکە جیناتی و بڕاوەو جێگر، بۆیە کۆشش و هەولدانەکان بۆ گۆڕین و گۆڕانکاری بەباوەڕی ئەوان هیچ ئەنجامێکی نابێت! بەلام وەها بۆچونێك کوشندەو ترسناکە، نیشانەی بەکۆتا هاتنی توانسە جیاوازەکانە لەوانەی بەوجۆرە بیر دەکەنەوە، گۆڕان و گۆڕانکارییەکان بەرپێنەگیراوو مەسەلەیەکی حەتمین.

❝

"

خاڵێکی گرینگ هەییە، ئەگەر حەزو خولیاو ئامادەیی بەهێزت بۆ گۆڕانکاری لەناخدا نەبێت، بەدلنیاییەوە هیچ گۆڕانکاریەکی نویێ لەهەبوونتدا ڕوناداو لەجێگەیدا گۆڕان و گۆرانکارییە پاسڤەکان دەبنەوە بەجێگرەوە، هیچ کات نابێت شادی و ئارامی، بیرو هۆشت بۆ خواست و حەزە کاتیەکان بکەیتە قوربانی، پێویستە هەردەم ئاگادارو هۆشیاری هەنگاونانت هەبێت.

"

"

مرۆڤ لەپشتەوەی پەیبردن بەحەزو ویستەکانی، ئەوەی هەیە کۆشش و هەولدانە نەك خۆ بەدەستەوەدان، هەر ویستێك پێویستە هەلقولاوی بیرو هزرین بێ و لەهۆشیاری و هۆشمەندییەوە سەرچاوە بگرێت.

"

❝

هەر گۆڕانکاری و هەولدانێك یان بەپێچەوانەوە, کارلێك و لێکەوتەی تایبەت بەخۆی دەبێت لەژیانداو کاریگەریەکی زۆر بە جێبهێلیت. ئیدییەمێك هەیە دەلێت: هەموو کەسێك نانی دلی خۆی دەخوات، یان دلی هەر کەسێك هەرچۆنێك بێت، ژیانیشی بەو جۆرەو هەر ئاوا دەبێت، وریابە! ژیانی خۆت هی خۆتە.

❝

❝

**تاکە هۆکار بۆ هەستەکانت، ئاڕاستەکردنە! هەستەکانت چەندە فرە جۆرن، ئەوەندەش فرە ئاڕاستەن. لەهەمموو بارێکدا کاریگەریان لەسەر پێشبینی و بیرکردنەوەکانت دەبێت، واتە هەستەکانت هەرچۆنێك بن, پێشبینی و بیرکردنەوەکانت هەمان ئەو ئاڕاستە وەردەگرن.**

❝

"

**ئەگەر بەشێوەیەکی عەقلانی بیر لەئاڕاستەکانی ژیان بکەیتەوە، پێشبینی و بیرکردنەوەکانت بەم لایەنەدا برد، بێگومان ئەنجامەکەی هەمان ئاڕاستەی دەبێت. بەڵام کاتێك هەستە سروشتیەکانت بەئاڕاستەیەکی نا عەقلانیدا برد دەرەنجامەکەشی بەم ئاڕاستەیەدا دەتبات کە ئاڕاستەت کردووە.**

"

❝

هەرچەند هەستەکانت بەهێزتربن، کاریگەریان بەسەر یەکتردا زاڵتر دەبێ، واتا: کاتێك هەستە نەرێنیەکانت زاڵتربوون بەسەر هەستە ئەرێنیەکان، ئەوا زاڵبوونت بەسەر هەستە کەم گەشەپێدراوەکاندا لاوازتر دەبێت.

❝

"

**کاتێك دوو ئینجانە گوڵت هەیە وەك یەك لەجۆرو پێکهاتەدا، ڕۆژانە پاراویان دەکەی، ئینجانەی یەکەم ڕۆژانە دوو پەرداخ ئاوی دەدەیتێ و ئەمەی دووەم ڕۆژانە یەك پەرداخ ئاو، ئایا کامیان زوترو باشتر گەشە دەکاو گەشاوەتر دەبێت؟ بێگومان ئینجانەی یەکەم چونکە ئاوی زیاتری پێدراوە. وەك ئەوەی پێویستە گرینگی بەدەوروبەرەکەت بدە.**

"

❝

هەڵسەنگاندنی عەقڵانی بۆ هەستەکانت بکەو ئەوسا بڕیا لەپەرە پێدانیان بدە، چونکە هەستەکانت هەمیشە هەمان جۆرو هەمان پێویستییەیان نیە لەژیانداو لەژیانتدا، بەپێچەوانەوە ئەوەی پێیدەگوترێ هاوسەنگی دەرونی و کەسێتی لەخۆتدا لەدەست ئەدەیت.

❝

"

ئاگاداربە! لەدنیای ئەمڕۆدا چەمکەکان هەڵگری هەمان واتاو مانای جاران نین وەك ئەوەی لەڕابردوی دورو نزیکدا ناس دەکرا، جوانی و ناشرینی، باشی و خراپی، ئەرێن و نەرێن، بەهێزو لاوازو...تاد نەك لەدیدی کەس و تاکێکەوە بۆ کەس و تاکێکی دی، لەڕوانگەی کۆلان و گوندو شارو شەقام و ولاتێك بۆ ولاتێکی تریشەوە، جیاوازن، هەرگیز ئەوەی لەدیدی تۆدا وەك تاك یا گوندو شارو ولاتێکدا جوان و باشە، لەدیدی ئەوانی تردا ئەو ماناو بەهاو واتایەی نیە، دنیای ئەمڕۆ دنیای ڕێژە گەراییە، تۆ بۆ جیاکردنەوەی شتە ئەرێنی و نەرێنییەکان، تەنها مرۆڤبوون و بابەتە عەقلانیەکان بکە بەدادوەر بەسەتە.

"

❝

هەر بیرکردنەوەیەك لەجیهانە خەیالیەکەت, وەك ڕاستیەك قبولی بکەیت و باوەڕت پێی هەبێ، هاندانی ویژدانی ناخی خۆتەو واقعیانە دانی پێدا بنێیت, قبوڵکردنی هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەك کە مێشکت قبولی بکات، هەمان ئەنجامی دەبێت لەژیانی واقعیتدا.

❝

"

ئامانجی خەیالە قولەکان, ڕێنومایکردنی ڕوحە لەقۆناغە جیاکانی ژیانتدا. دەبێت ڕوحی خۆت ڕێکبخەیت، بیرکردنەوەت، خەیاڵ و ویست و ئامانجت، دەرگەی دلت بۆ ڕاستیە ڕەهاکان والا بکەیت. شادی و ئارامی و ئومێدو عیشق تەواوکاری و هاوسەنگی تیادا بالا دەست بکەیت. کاتێ ئەمانەت لەخۆتدا هاوسەنگ کرد, بویتە خاوەن چەکێکی بەرەنگاری بەهێز لەبەرامبەر تەواوی ئەو بەربەستانەی دێنە ڕێگەت لەژیانتدا، سەرکەوتووانە دەتوانی زالبیت بەسەریانداو ئازایانە دەکارێی ڕوبەڕویان ببیتەوە.

"

❝

کاتێك بیر لەڕابردوی ژیانت دەکەیتەوە لەوە تێدەگەیت زۆرێك لەو هەڵانەی کە بوونەتە هۆی خەم و ناخۆشی، پاشهاتی ئەو بڕیانە بوون پێش هەر کارو کاردانەوەیەك لەبارەیانەوە باش بیرت لێنەکردبوونەوەو بڕیارتداوە.

❝

❝

هەموو مرۆڤێك لەژیاندا دوچاری کێشە یاخود گرفتێکی ناخۆش دەبێت, هەندێکجار کاریگەریان لەناخدا دەمێنێتەوەو بۆت لەیاد ناکرێت, هەندێك جاریش دەبێتە ئازارێکی قوڵ و هەندێك کاتیش سادە کاریگەریان لەبیرو زیهنیەتدا بە قولی نامێنێتەوە، تۆ هەمیشە پرسیار بکە، تۆ هەمیشە بەدوای وەڵامدا بگەڕێ، هەرچی هەیە وەك خۆی قبولی بکە نەك وەك ئەوەی دەتەوێ.

❝

❝

**مرۆ هەندێجار لەگەڵ خۆی و لەناخی خۆیدا دوچاری تێکچونی مەجازو میزاجی دەبێ، هەندێك کات دلخۆش، هەندێك کات خەمبار، هەستی متمانە بەخۆبوونی لاوازو بیرو هزری پەرش و بڵاو دەبێت، ئەو کەسەی بیەوێ تایبەتمەندییەکانی خۆی بپارێزێت، لەوەها دۆخێکدا هەستەکانت عەقلانی جەوڵ دەکات.**

❝

"

ئەو ڕوداوانەی لەڕابردوی ژیانی تۆدا ڕویانداوە، تەنها سەرەتا گەلێکن بۆ ئەوەی ژیانێکی سەرکەوتووانەتر ئامادەبکەیت لەئایندەدا، ڕابردوت لەبیر مەکە، مەکەوە ژێر کاریگەری ڕابردوت، لەڕابردودا مەمێنەوەو مەژییە، رابردوت سەرمایەیەکی مەعنەوی گەورەیەو بیخەرەوە خانەی خزمەتکردن بەئێستاو سەرمەشقی خۆد بونیادنانەوەو خۆ ئامادە کردنەوە بەرەو ئایندە.

"

"

مرۆڤی هۆشیارو بەئاگا، هەر سەیری خەمەکانی ناکا، کار لەسەر بەدیهێنانی خەونەکانی دەکا، خۆی بەگیرو گازەکانەوە گیرۆدەو بەراورد ناکا، خۆشیەکان و باشیەکان و سەرکەوتنەکان و بیرکردنەوەکانی دەکات بەبنەماو بەپێوەری بەردەوامیدان بەژیان، تۆ لەگەڵ هەموو کێشەو ئاریشەیەکدا گولێك بڕوێنە، لەگەڵ هاتنە پێشەوەی هەر گرفتێکدا مۆمی ئومێدەواری داگیرسێنە، ئازارو شکان و کەوتن و بریندار بوون چاوەڕوانکراون، خۆت بۆ هەر ئەگەرێك ئامادە بکەو شۆك مەبە، ئەمەت بیربێت: گرینگ نیە لەکوێوە دەست پێدەکەیت، ئەوەی گرینگە دەستپێکردنە، هیچ کاتێك درەنگ نییە بۆ دەستپێکردن.

"

"

وازبێنە لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، واز لەقوربانیکردنی خۆت بهێنە، جەڵەو کردنی ژیانت بگرە دەست، مەکەوە ژێر کاریگەری بیرو هزرینە باوە خودی و جڤاکییەکان، هەموو جۆرە کەوتنە ژێربارێك مرۆڤ بەرەو کۆیلەیی و خود کۆیلە کردنی خۆی دەبات، وەك گوڵێك هەمیشە درەوشاوەبە بەڕوی خۆت و دەرەوەی خۆتدا، وەك تروسکایی ئەو ئەستێرانەی بەشەوقیان پانتایی ئاسمان ڕۆشن دەکەنەوە، هەموو کاتێك هەموو ڕۆژێك کات و سات و ڕۆژی دەستپێکردن و دەستپێکردنەوەیە.

"

❝

گرینگ نیە ئەوانی تر سەبارەت بەتۆ چیدەڵێن و چۆن بیردەکەنەوەو بڕیار لەسەر هەبوونت ئەدەن، ئەوەی گرینگترینە خۆتیت چۆن و چیدەکەیت و چۆن بیر دەکەیتەوەو هەنگاو دەنێیت، تۆ بەرپرسیاری بەرامبەر بەوەی دەیکەیت نەك ئەوەی ئەوانی تر چۆن لێت تێدەگەن و بیرت لێدەکەنەوە، بێردناردشۆ دەڵێت: ئەگەر ئەو ڕێیەی پێیدا دەڕۆیت, هیچ بەربەست و سەختیەکی بۆ ئێوە تێدا نەبوو, ئەوە بزانە ئەو ڕێیە بەرە و هیچ کوێیەکتان نابات.

❝

❝

گوێگرێکی سەرڕاست بە، بەڵام بەر لەهەر کەس لەخۆت، ئەوەی دەبێ بگەڕێ بەشوێن دۆزینەوەی تۆدا، خۆتیت، لەگەڵ خۆتدا ڕاستگۆو ڕاشکاوو بوێربە، خۆتت خۆشبوێت، هیچ کەسێکت لەخۆت بەلاوە گرینگتر نەبێت، نەهێڵیت میهرەبانیت لەگەڵ ئەوانی تردا زیان و ئازار بەخۆت و دەوروبەرو مرۆڤایەتی بگەیەنێت، کەی ئەمەت لەخۆدا بەرجەستەو هاوسەنگ کرد، هەر ئەوکاتە دەتوانی بەخۆت بڵێیت جەولەوی هەست و سۆزو ویست و بیرکردنەوەکانی خۆمم کردوەو دەتوانم عەقلانە ڕێبکەم و سەرکەوم.

❞

"

کەشێکی هاندەرانە لەم جیهانەی ناو ناخت دروست بکە، هەولی گۆڕانکاری و بەرەوپێشچونی بەردەوامی بدە، هیچ شتێك کارت لێنەکات، شکستەکانت، ئازارەکانت، بەربەستکانت، ڕابردوت، باودۆخە دژوارەکان ..تاد هەمەڕەنگی و گۆڕانکاری، هەنگاونانی هەمەچەشن، ژیانت بەرەو پێگەیشتن و چێژبینین دەبەن، ئەوە بەهێزترینەکان نینە دەمێننەوە، زۆر زیرەك و بوێرەکانیش نین، ئەوانەن باوەڕیان بەگۆڕان و گۆڕانکارییە هەمیشەیی و ڕیشەییەکان هەیە لەخۆدا.

"

❝

چەندە ئازارو سەختەوەری و دژواریەکان بەهێز بوون، خۆڕاگری و تواناو هێزو خواستی بەرەنگار بونەوەی هزریت بەهێز تر بێت، گەورەیی و مەزنی و سەرکەوتوویی و جیاواز بوونی تۆ لەمەوە بەدەردەکەوێت، چەند شکای، چەند ئازار درای, چەند دڕك لەکاتی ڕۆشتننت بەناوچەی پڕ گولی دڕکاویدا بەپێیتدا چوو، لەپێیت نەخات، هیچ شتێك بێ ئازار بوونی نیە.

❝

"

**ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەیت، باش یان خراپ، بەیانی بۆت دەگەڕێتەوە. پێویستە پێش هەموو کارێك یان هەر قسەیەك، وردو بەدیقەتەوە بیربکەیتەوەو هەنگاو بنێییت و ڕەفتار بکەیت. مرۆڤی هۆشمەند نابێ وەك با بڕواو ئاوڕ لەهیچ نەداتەوە.**

"

❝

ئاگاداری هەست و سۆزو تێگەیشتنی ئەوانی تربە، هەولمەدە بسەپێنیتە سەریان بگۆڕێن، بکەوە دیالۆگ لەگەلیاندا، بکەوە ڕەخنەکاری عەقلانە لەگەلیاندا، دیالۆك و ڕەخنەو ڕانانی پرس و باسە کەسی و گشتییەکان ئەوەن لێکمان نزیك بکەنەوە نەك مرۆبوونمان دورو دابڕن لەیەکتری.

❝

❝

**پێش هەر شتێك بتەوێت بیکەی، دلنیابەرەوە لەوەی لێکەوتەکانی چیدەبن، دێتەوەرێت، لەخۆت بپرسە: ئایا هێزو توانای ڕوبەڕوبونەوەیانت دەبێت؟ ئایا دەتوانیت ڕوبەڕو ببیتەوە؟ ئەمە بەباشی تێبگە.**

❝

"

هەر ڕوداوێك ڕوبدات، هەرچەند تاڵ بێت، بەئازار بێت، تامی مەرگت پێ بچێژێت، وریای ئەوەبە مرۆڤبوونت لەناو نەبات، مرۆڤبوونت نەکوژێت، واتا بەشێوەیەك مامەلە لەگەڵ ڕوداوو ئازارەکان بکە هەرچەند بالی شکاندویت بەلام بەردەوام بە, هەولبدە دەست هەلمەگرە، تۆ دەتوانیت بفڕیت!

"

"

**بەهێزبە، نەهامەتیەکان کاتین، ئەوەی بەرگەی مەرگ نەگری، بەرگەی ژیانیش ناگرێت، حیکمەت لەکەوتن و بەربوونەوەکاندا نیە، لەهەستاوەو سەرکەوتنەکاندایە.**

"

"

ئەوەی دەتوانێت بەرگەی نەهامەتیەکان بگرێت ڕووحتە, نەوەك جەستەت.
ئەوەی ڕووبەڕووی هێرشە مادی و مەعنەویەکان دەبێتەوە خۆتی نەوەك,
ئەوانی تر.

"

"

**هەموو کارێك دەرەنجامێك یان زیاتری هەیە، هەموو ئازارێکیش زیاتر لەکۆتاییەکی هەیە، بۆیە دەبێت لەوە بگەیت هەموو شتێك کۆتایی خۆی هەیە، ئەوەی ناگاتە کۆتایی خودی ژیان خۆیەتی.**

"

❝

هەموو ئەو تالیانەی دەیانچێژیت، لەڕاستیدا بۆ ئەوەن لەخۆت نزیك و نزیکتر ببیتەوە، گەیشتن بەهەر شتێکیش حیکمەت و خێری خۆی تێدایە، بەشێوەیەك بڕوانە کە هیچ شتێك هاوسەنگیت نەشێوێنێت، ڕۆژێك هەست بەدڵتەنگی دەکەیت، ڕۆژێکیش دڵخۆشی، داد بەرزو نزمییە وەك خاك وەك سروشت وەك گەردون، ئەوانەی پتر هەوڵئەدەن بەرزتر ئەبنەوە.

❝

"

**لەبەرامبەر هەموو ئەو تاڵی و ئازارانەی بەدەست لەبیر نەکردنی یادەکانت دەیانچێژی، لەبەر خۆتەوە بەخۆت بڵێ خوات لەگەڵ ئەی ئەو یادە ئازاراویانەی منتان بەرەو دوبارە خۆ دروستکردنەوەو خۆ بیناکردنەوەی خۆ هاندا، بەهێز بمێنەرەوە، ژیان بەردەوامەو مەڵێ ناتوانم!**

"

"

هیچ شتێك ناتوانێت ئاسن لەناوبەرێت، جگە لەژەنگی ئاسنەکە خۆی نەبێت، بەهەمان شێوەش هیچ شتێك ناتوانێت مرۆڤ لەناوبەرێت، جگە لەکەوتنە ژێر باری بیرکردنەوە هەڵشەکانی خۆی نەبێت، بۆت دەردەکەوێت هەرچی بەسەرت دێت و دێتە سەر ڕێت، ئەنجامی بیرکردنەوەکانی خۆتە، مرۆڤ نابێ بەبیر کردنەوە لەخۆی بەرەو خودپەسندی و خۆ بەزۆرزانی یان بەپێچەوانەوەی بەرێت، دەبێ بەرەو کرانەوە بەڕوی خۆی و ئەوانی تردا بیبات.

"

"

**هەڵسوکەوتەکانت پەیوەست بەبیرکردنەوەکانتن، هەولبدە عەقلانە ئەمە لەخۆدا هاوسەنگ بەرجەستەو ڕابگریت، کاتێك شێوەی بیرکردنەوەت دەگۆڕی گۆڕان لەڕەفتارەکانیشتدا ڕو ئەدات، تەنانەت جیهانە تایبەتەکەی ناو ناخیشت گۆڕانی بەسەردادێت. گەیشتن بەگۆڕانکاری، گەڕانەوەتە بۆ ناخ، چونکە سەرچاوەی گەیشتنە بەواقعیەتی گۆڕانکاری.**

"

"

با بیرکردنەوەت بەم شێوەیەبێ تا دەرەنجامەکەی ویستمەندانە بگەڕێتەوە بۆ خۆت. بۆ ئەوەی ئەو ویستانەی هەتە بیکەیتە واقع، پێویستت بەپلانە، بۆ جێبەجێکردنی پلانیش پێویستت بەویستێکی بەهێزە لەو جیهانە تایبەتەی ناوناختدا دروستی بکەی، ئەوەش پێویست بەبیرکردنەوەو هێنانە پێشچاوی خۆتە، کاتێ ویستەکانت جێبەجێکردوە چەند دلخۆشی بەجێبەجێکردنی، ئەمەش یارمەتیت ئەدات بۆ گەیشتن بەویستەکانت، ئەگەر چەندین بەربەستیش بێتە پێشت.

"

❝

**با ئەمەشت لەیادگەدا هەبێت! ئەگەر بەربەست نەبێت لەجێبەجێکردنی ویستەکانت، سەرکەوتنەکانت دڵخۆشت ناکەن، چونکە هەر کەسێك چیویست بیکات و سەرکەوتوو بێت، ئیتر سەرکەوتن چ بەهاو مانایەکی نامێنێت.**

❝

"

بەهێزبەو بەردەوامبە لەهەنگاونان و ڕۆشتن، تەنها بەردەوامبوون گەیشتنە، هیچیش نەکەیت بەردەوامبیت دەگەیت، ئەگەر ڕۆژی یەك هەنگاو بنێییت بەرەو ویستەکەت ئەوا لێی نزیك دەبیتەوە، بەڵام بەوەستانت، لەجێگەی خۆتدا دەمێنیتەوە. کۆڵدان پیشەی کەسە لاوازەکانە، بەهێزبەو بەردەومبە.

"

❝

**لەوانەیە ئازارەکانت بەبیرت بهێنێتەوە مرۆڤیت! زۆریتر هەمان ئازاری تۆی هەیە، بەڵام گرینگ نییە هەرچیببێت تۆ دروستکراویت بۆ میهرەبان بوون، چێژ بینین، بەرەو پێشچوون، گۆڕینی بیرکردنەوەو دنیای ناخت بۆ باشترین ژیانکردن!**

❝

❝

سێ هۆکار هەیە وات لێدەکات بەشێوەیەك بژیت، کە هەر شتێك هاتە ڕێگەت لە پێت نەخات: ئەوانیش بەستنەوەی ئومێدو خەوتن و خەندەن. ئومێد بەرگری و بەرگەگرتنت زیاد دەکا، خەوتن ئازارەکانت کەم دەکاتەوە، خەندە و پێکەنین پەستانەکانت کەمدەکاتەوەو ئیرادەت بەرەو سەرو بەرەو بەهێزی دەبات، بەیەکەوە بەستنەوەی ئەمانەو باوەڕبوون پێیان وات لێدەکات بەرگە بگریت، زالبیت، ناوازەبیت بۆ خوددت.

❝

❝

**مرۆڤ لەڕوی جەستەییەوە پێکدێت لە: گۆشت، ئێسك، ماسولکە، خوێن، بێگومان هەر بەشەو پێکهاتەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەدیدی مندا، جەستەت دوو لایەن لە خۆدەگرێت: فیزیکی، ڕوحی، لایە فیزیکیەکەی جەستەی مرۆڤ، پێویستی بەچەند شتێك هەیە تا تەندروست بێت: دلێکی باش، خواردنی باش، بەلام بەرکەمالە ڕوحیەکە پێویستی بەخودایە، کاتێك ڕوحت لەخودا دورکەوێتەوەو خودات لەیاد دەچێت تووشی بێتاقەتی و دلەڕاوکێ دەبی و هەست بەتەنهایی دەکەیت، بەمەش لەباری دەرونیتەوەو لەڕوانگەی ناوەکییەوە هەرگیز لەبارودۆخێکی باشدا نابیت، بەلام دلێك پەیوەستبێت بەخوداو یادی خودا دوره لەهەموو ئەو بارودۆخە خراپانە.**

❝

❝

تۆی مرۆڤ بەهاداریت، بەڵێ بونەوەرێکی تەواو بەهاداریت، هەر جۆرە هزرو ئایدیاو شتێك لەژێر هەر بڕوبیانوێکدا بیەوێ ئەم هەبوونەت بەکالا بکاو لەبەهات کەمبکاتەوە، بیخەرە پەراوێزو بیکەرە دەرەوەی خۆت، هەرگیز مەهێلە هیچ شتێك لەبەهات کەم بکاتەوە، تەنانەت بۆ گەیشتن بەدلخۆشی لەبەهای خۆت کەم مەکەرەوە.

❞

❝

**بەشێوەیەکی وەها مامەڵە لەگەڵ ڕۆژگاردا بکە، هیچ شتێك نەتوانێ ببێتە هۆی پاشەکشێ کردن بەهەبوونت، مرۆڤ جەستەو ئاکارو عەقڵە، هەوڵبدە ئازادانەو ئازایانە ئەزموون بکەیت تا دەگەیتە کەمالیەت.**

❝

"

سێ شت هەییە مرۆڤ دەبێت بەتەنها ئەزموونی بکات لەژیانیدا : عیشق، ئیمان، مەرگ. بەتەنها عاشق دەبی، بەتەنها باوەڕ دەهێنی، بەتەنها دەمری.

تاکە خود لەبڕینی ئەو ئەزمونانە تەنها خۆتی.

"

❝

**ئەگەر لەپەیوەندیدا بوویت لەگەڵ کەسێك، ئیتر ئەو کەسە هاوڕێ، هاوسەر، هەرچییەکە، ئەگەر گەیشتیتە کۆتایی و ئامادە نیت بەرگەی لێکەوتەکانی بگری، هەوڵی دوبارە بونیادنانەوەی مەدە، ئەو بینایەی لەسەر داروپەردوی ڕوخاو بونیاد دەنرێتەوە، هەرگیز سیماو خەسڵەتە جوانەکانی شارستانیەتی بۆ ناگەڕێتەوە.**

❝

**هەر بریارێکتدا ڕێزی لێبگەرە، دەستگرتن بەتایبەتمەندیە کەسیەکانتەوە، دەستگرتنە بەمانەوەیەکی بەمتمانەوە لەناو کۆدا، هەولمەدە تۆلە بکەیتەوە, هەولبدە ببیتە ئەزموون بۆ ژیانت، لەوانەیە یارمەتیت بدات سەرکەوتوبیت لەگەڵ کەسێکیتردا.**

"

بیرت بێت تۆ بەهاداریت، دلتەنگیت بە لەدەستدانی کەسێك؟ ئازاری نەبونی کەسێك دەچێژیت؟ ئێستا دەتەوێت تا ئەبەد حەسرەتی نەبوونی ئەو کەسە بچێژیت؟ نا، هەلە مەکە لەبری ئەوەی حەسرەت لەنەبوونی کەسێك بخۆیت و بچێژیت، ئارەزوی بەدیهێنانی کەسێکی شیاو بکە.

"

❝

مرۆڤێك تۆی ناوێت, مانای ئەوە نییە ئیدی تۆ باش نیت. تەنها ئەو مرۆڤە بۆ بینینی باشیەکانی تۆ، ئەو ڕوانینەیە کە ئەو پێویستی و دیدە قولەی نییەو ناتوانێ لەوە تێبگات!

❝

"

کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە. گومانت لەم قسەیە نەبێت، خۆت مەکە مرۆڤێکی ئاسان و لەدەستانچوو و هەرزان پەسەند, زۆر کەس ئاواتی لەگەڵ تۆ بوونیان هەیە، هەموو کەسێك شایەنی هەبوونی تۆ نییە.

"

"

تۆ، بەهاداریت. تۆ ئەوەندە زۆری, دەتوانی تەواوی دونیای کەسێك بیت.

"

"

وایانکردوە باوەڕت بەمیهرەبانی و هاوڕێیەتی نەمێنێت؟ دڵیان شکاندوی؟ وایانکردوە باوەڕت بە هیچ کەس نەمێنێت؟ دڵت بۆ هیچ کەس نەکەیتەوە؟ بەجۆرێك ئازاردرای باوەڕت بەو کەسانەش نەمێنێت کەبەڕاستی دەیانەوێت خۆشەویستیت پێببەخشن؟ بەهۆی هەموو ئەوانەوە باوەڕت بەمیهرەبانی و عەشق و هاورێیەتی نەماوە؟ بەڵام نا تۆ باشبە، هەر میهرەبانبە، ئەم دونیایە بەهۆی کەسانێکی وەك تۆوە ماوە، میهرەبانی و سۆزو خۆشەویستیت بەخشە بەو کەسانەی کە باوەڕیان پێنەماوە، بیسەلمێنە بەو کەسانەی لەو باوەڕەدان هیچ خۆشەویستیەك بوونی نەماوە.

"

"

لێبووردەبە! بیانبەخشە! بەخشین دەبێتە هۆی گەشانەوەی ژیانت، دەبێتە هۆی هێنانە دی کامەرانی بۆ مرۆڤەکان، هیچ جۆرە ڕق و قینەیەك لەدلەکان ناهێڵێت.

"

❝

لێخۆشنەبوونی بەرامبەر یەکێکە لە هۆکارەکانی دڵتەنگی . هەندێك کەس وابیردەکەنەوە کە لێخۆشبوونی بەرامبەر وەك ئەوەیە پشتگیری بکەیت و چی پێخۆشبێت بیکات و بەردەوام بێت لەسەر هەڵسوکەوتەکانی.. بەڵام لێبوردن سودی بۆ خۆت هەییە, ئاسودە بوونی خۆتە, خاوێن ڕاگرتنی ناختە لە ڕق و قینە, لە هەمان کاتیشدا بە هەڵوێستێکی گەورە دادەنرێت.

❝

❝

**لێخۆشنەبوون کۆکردنەوەی ڕق و قینەیە لەناخدا، ئازاردانی خودی خۆتە، لێبووردەبە بۆ ئەوەی بەئاسودەیی و کامەرانی بژی و بەناوازەیی بمێنیتەوە.**

❝

"

ئێستا تۆ ئەو مرۆڤەی ڕابردو نیت. بیر لە هەڵەی ڕابردو مەکەوە، خۆت ببەخشەو لەخۆت خۆشبە، بەشێوەیەکی جیاوازترو مەزنتر گەشە بکەو دەست پێبکەوە.

"

❝

**هەمووومان هەڵە دەکەین لەژیان، کەس نییە هەڵە نەکات، هەڵە کردن کۆتایی نیە، سەرەتای گەیشتنە بەڕاستییەکان، تەنانەت زاناو بلیمەتەکانیش هەڵە دەکەن، کەس نییە هەڵە نەکات.**

❝

"

**هەڵەکردن نەنگی و دەبەنگی نیە, دوبارەکردنەوەی هەمان هەڵە گەمژەییە، گرینگ ئەوەیە ئەو هەڵەیەی دەیکەی ببێ بەئەزمون و دوبارەی نەکەیتەوە، ئەنیشتاین دەڵێت: ئەوەی هیچ هەڵەیەکی نەکردوە، هیچ شتێکی نوێشی تاقینەکردوەتەوە.**

"

"

هەولبدە ئەوەی ڕۆیشت بیکەیت بەئەزموونی ژیانت, ئەو باوەرەت هەبێت کە هەموو شتێك لەژیان خێرو حیکمەتی خۆی تێدایە کە ڕودەدات. دووبارە هەولی بنیاتنەرەوەیەکی شایستەتر بدەو دەست پێبکەوە.

"

"

**بیرو هۆشت بەشێوەیەکی بنیاتنەرانە بەکاربهێنەو دەست بەڕێکخستنەوەی خۆت بکە. بیربکەوە چ کەسێکی؟ چ خواستێکت هەییە؟ دەتەوێت بەکوێ بگەیت؟ متمانە بەخۆت و دەوروبەر مەدەڕۆێنە بەسەتەو سەردەکەوی.**

"

❝

لەم ساتەوە دەتەوێ شێوازی ژیانت چۆن بگوزەرێت؟چۆن بژیت؟ هەولی پێگەیاندن و گەشەی بەردەوامی ژیانت بدە, سوود لەهزرو توواناو بەهرەکانت ببینە. بۆ ڕۆژێك بگەڕێ کە خەونەکانت تێیدا بدرەوشێتەوە. بەشێوەیەکی وەها بیگوزەرێنە کاتت بۆ خەمباربوون نەبێت.

❝

❝

**بیرو هۆشت وەك یاری لەشجوانی وایە، تەنها بەفێربوون و ڕاهێنان دەتوانیت ببیت بەخاوەنی نەفسێکی بەرزو تێڕوانینێکی ناوازە. بەپێی ئاڕاستەی بیرو هۆشت هەوڵبدە خۆت بدۆزیتەوەو بگەیت بەوەی کە دەتەوێت.**

❝

❝

هەندێجار بەشوێنێك دەگەیت کەشوێنی تۆ نیە، ئارەزوەکانت ئاڕاستەت دەکەن بۆ شوێنێك کە بۆ تۆ نابێت، خەیالەکانت لەکەسێك نزیکت دەکەنەوە کە شایەنی تۆ نیە، هەوڵی گەیشتن بەمانە بدە، لەچوارچێوەی بیرو هۆش و هاوسەنگی ناختدا بێت.

❝

❝

**تا بیرو ناخت هاوسەنگ نەکەی ناتوانی لەسەر هیچ ویستێك بەردەوام بیت!**

❝

"

**تا هاوسەنگی و جڵەوی جیهانی ناوەوە نەکەی، ناتوانی بەسەر کارلێك و کاردانەوە جیاکانی جیهانی واقعیتدا زاڵبیت!**

"

❝

ئەگەر ناتەوێت بکەویت، ئازار بکێشیت، دلت بشکێت، هیچ مەکە! خەون مەبینە، ئارەزووت نەبێت، دلت مەکەوە، ئامانجت نەبێت ..تاد ئەوکات نەدەکەوی، نەئازار دەکێشی، نەهیچ، وەك پەیکەرێك دەبیت کە نەگۆڕانکاری نەپێشکەوتنێك لەخۆیدا بەدیدەکات!

❝

❝

**تۆ پێویستە جارجار لەگەڵ خۆت دابنیشیت، کێشەکانت باس بکەیت، گفتوگۆ لەگەڵ خۆت بکەیت، کەمێك خۆت بناسیت، بۆ ئەوەی ون نەبیت، یەکەم و کۆتا باشترین کەس بۆ خودت تەنها خۆتیت.**

❝

**چۆن خۆت دەبینیت زۆر گرینگترە لەوەی خەڵکی چۆن تۆ دەبینێت. تەنها فکرو باوەڕو بینینی خۆت بۆ خودت لەپێش هەموو شتێکەوەیە.**

❝

لەژیاندا پشت بەهیچ کەسێك و هیچ شتێك مەبەستە، چاوەڕێی هیچ کەسێك و هیچ شتێك مەکە! تاکە کەس کە پشتی پێببەستیت تەنها با خودی خۆت بێت، کەسیتر نا.

❝

"

هیچ کەسێك ناتوانێت سنوور بۆ ویست و خەونەکانت دیاری بکات، هیچ کەسێك ناتوانێت بتوەستێنێت! تاکە کەس کە بتوانێت تەنها خودی خۆتە و هیچیتر.

"

"

گوێ لەخۆت بگرەو ئەوە بکە کە بەشایەن خۆتی دەزانیت.

"

❝

دان بەجیاوازی خۆتدا بنێ, خودای گەورە بەجیاوازی دروستی کردویت، شارەزایی کەسایەتی خۆتبە! چی ڕویدا لەبیری بکە, با ناخی خۆت گەشە بکا، هەنگاو بەرەو ویستەکانت بەرەو ئەوشوێنەی دەتەوێت لەجیهانی واقعیتدا بەدیبێت!

❝

❝

کەس ناتوانێ ساردت بکاتەوە لەویستەکانت جگە لەترسی ناخی خۆت، کەس ناتوانێ ببێتە ڕێگر لەبەردەمت جگە لەبیری خودی خۆت، بۆیە, خۆتبە، هاوسەنگی دەرەکی و ناوەکیت بپارێزەو مەهێڵە هیچ شتێك ببێتە هۆی وەستاندنت!

❝

❝

**شتێکی زۆر ئاساییە هەست بەدڵتەنگی، بێتاقەتی و ترس بکەیت، بوونی ئەم هەستانە نیشانەی مرۆڤ بوونتە.**

❝

"

هەمووومان مرۆڤین, دووچاری شکست دەبین لەژیان، ڕۆژێك دێت تێدەگەیت کە بۆچی هەر دەبوایە شکست بخۆی، بکەوی، بشکێی، ئازار بکێشی ..تاد تێدەگەی بۆت ڕوندەبێتەوەو سوپاسگوزار دەبیت, کە شتەکان بەم شێوەیە ڕویاندا!

"

❝

**خودای گەورە دەفەرموێت:** (وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الْأُولَىٰ)

**بەڕاستی ئەوەی دێت باشترە لەوەی کە ڕۆشتووە، هەرگیز بێ هیوا مەبە، چی ڕویدا، چی بوو، هەمیشە ئومێدەوارانە بژی، ئەوەی ڕۆشت ناگەڕێتەوە، بەئومێدەوارانە بڕوانە لەوەی دێت.**

❝

❝

**بەشێوەیەکی وەها ئومێدەوارانە بژی وەك چۆن باوەڕت وایە دوای خۆر ئاوا بوون، خۆرهەڵاتن دێتەوە. وەهاش باوەڕت وابێ دوای نەخۆشی و ناخۆشی، شادی و خۆشی دێتەوە.**

❝

"

ئومێدەواربوون چییە؟ هەبوونی تروسکایەك هیوایە لەنێو جەنجالیەکانی قولدا، لەو پەڕی بێ ئومێدیدا هیوای خۆشبەختی و پێکەنینت هەبێ، بەهێز و خۆڕاگر بیت، بە ئومێد بوون تەنها کاری مرۆڤە بەهێزەکانە.

"

"

هەبوون، واتا گۆڕان و گۆڕاکاری بەردەوام، ولیام شکسپیر دەڵێت: مرۆڤ دەگۆڕێت دوای دو ڕوداو لەژیانیدا, کاتێ زیاتر فێر دەبێت لەوەی زانییویەتی پێشتر، کاتێ ئازار دەکێشێ زیاتر لەوەی شایستەیەتی، برینی هەردو ئاڕاستە کار لەگۆڕانی مرۆڤ دەکات لەژیانیدا.

"

❝

**بێگومان کاتێك تۆ گولێك ئاو دەدەیت، وردە وردە گۆڕانکاری و گەشەی تیادا بەدیدەکەیت، بەهەمان شێوەش گرینگیدان بەخودو گۆڕانکاری بیرکردنەوە دەتگەیەنێت بەلوتکەی گۆڕانکاری!**

❝

❝

**کاتێك لەژیان دووچاری کێشەیەك یاخود گرفتێك دەبێت، بەشێوەیەك ئازار دەکێشێت کە ئەم هەم ئازارو نەهامەتیانە شایستەی تۆ نییە، بەڵام ئەم ئازارە مرۆڤی مەزن بەهێز دەکا، چیتر مرۆڤەکەی پێشوتر نامێنێت کە بەئاسانی بشکێت و ئازار بدرێت، مرۆڤێك دەبێت جیاوازتر لەمرۆڤەکەی پێشووتر، مرۆڤێك کە زۆر مەزنترو لێهاتووتر لەپێشووتر، ئەو کات لوتکەی گۆڕانکاری بەدی دەکەیت.**

❝

"

لەوانەیە ئازارێك بتگۆڕێت بەرامبەر کەسێك، پێت دەڵێن گۆڕاویت، بەڵام نەگۆڕاویت، ئاسودەیی خۆتت خۆشدەوێت، ئەوەی کەدەڵێت گۆڕاویت باشتر وایە سەیرێکی خۆی بکات،، ئینجا بڵێت گۆڕاویت.

"

"

ڕۆژێك دێت لەو شوێنەی کەپێی گەیشتویت، لەو شوێنەی کەئاواتت بۆی دەخواست، سەیرێکی دواوەت دەکەیت ئەو ڕێگەیەی کەپێیدا هاتیت، ئەو ئازارو تالیانەت بیردێتەوە کەدوچارت بوە، لەو ساتەدا هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژیت و لەناو خۆشترین هەستدا، شانازی بەخۆتەوە دەکەیت کە کۆڵت نەدا، خۆشترین هەستێك لەتەواوی تەمەندا.

"

"

**پوختەی ڕونی بابەتەکە بەگشتی بڕینی ئەو چوار قۆناغەیە مرۆڤ دەیبڕێ و ئەزمونی دەکات لەژیانیدا، ئەوانیش ئازار، فێربوون، گۆڕان و پێشکەوتن، ئازار دەکێشیت و فێردەبیت و دەگۆڕێیت و پێشدەکەویت لەکۆتایدا.**

"

❝

بەشە هەرە گەورەکەی سنوردار کردنی ماف و ڕێگریکردن لەئەزمونکردنی ئازادییەکانی تاك لەلایەن خێزانەکانیانەوە، هۆکارەکەی لەناهۆشیاری یان لەبێمتمانەیی و داخراوی خودی خێزانەکانەوە سەرچاوە ناگرێت، پەیوەندی بەشەرم و شاردنەوەی توانستە جەستەیی و عەقلی و ماریفییەکانی خودی ئەو تاکانەوە هەیە لەخێزانەکانیاندا، خۆت بسەلمێنە.

❝

"

**تا خۆت لەدەست زیندانە تاریکەکەی ناوەخنی خۆت ڕزگار نەکەیت، هەڵەو شەرم و زیادەڕۆیی دەکەی باس لەئازادی بکەیت، ئازادیخوازی و ئازاد بوون ئەوەیە بەر لەوانی تر لەخۆتیدا بەماناو پڕاکتیزە بکەیت.**

"

"

**مرۆڤی ئازاد، ڕو لەهەر کوێ و جێگەیەك بکات، عەقڵ و دڵی پێش پێیەکانی دەگەنە جێ، مرۆڤی گەمارۆدراو بەبیرو باوەڕە باوەکان و مۆدێرنەکانیش ئەوەندەی هۆگرو گیرۆدە دەبێت، هەرگیز هێندە هەست بەلێپرسراوێتی ناکات، ژیان و هەر شتێك گەر نەبوونە جێگەی پرسیار، پێت هیچ نەبێت.**

"

“

سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ

AMK